# گەڕانەوەی ڕووحێك

**ئەژین فەهمی**

دەمەو ئێوارە بوو، کە هاتمە بەردەرگە و باران دەباری، لەگەڵ بارانبارانددا «من و یاسین» دواین لەبارەی ئەو ترسەی لەدڵمدا هەبوو.. دواتر ئەو ڕووی خۆی وەرگێڕا و منیش چاوم لەسەری هەڵنەگرت، لەپڕ هەورە تریشقە ونی کرد و دیار نەما، بەڵام من نەمزانی بۆ ئەمە ڕوویدا. هەمیشە چاوەڕێم باران لەگەڵ خۆی بیبارێنێتەوە... تەق تەق دەنگی دەرگە دێت، بچۆ دەرگە بکەوە بزانە باوکتە؟ هەمیشە نائومێد دەبم بەو لەدەرگەدانە.. لەدوای ڕۆشتنی یاسین هەمیشە نائارامم، حەز ناکەم هیچ پیاوێک ببینم. ویستم بە تەنیا بژیم لە گوند و کار بکەم بۆ بژێویی، بەڵام لەبەر «دڵسۆز»ی کچم، لە شار مامەوە، چونکە لە گوند هەڵی نەدەکرد. «دڵسۆز» ئێستا تەمەنی (٢٦) زستانە. من بەڵێنم پێداوە، کە باسی پێوەندیی نێوان خۆم و یاسینی باوکی بۆ بکەم، بەر لە هاوسەرگریی لەگەڵی... تازە ماڵمان باری کردبووە ئەو گەڕەکەی ماڵی یاسینەوە. من، بە ڕێکەوت ئەوم بینی، ئەویش ئەوساتە بوو، کە زبڵم دەکردە ناو سەلەی دەرەوە. منی بینی و سڵاوی تازە دراوسێیەتیی لێکردم، ئەو ڕێکەوتانە زۆرجار ڕووی دەدا، من و ئەو لە تەمەنێک دابووین، لە سەرەتادا هۆگربوون لەلای ئەو دروست بووبوو، چونکە لە هەر شوێنێک دەبووم، بەدوامەوە بوو، سەیری دەکردم، هەمیشە چاوەڕێی دەرفەتێک بوو، تا قسەم لەگەڵدا بکات. منیش بەشەرمێکی کچانەوە سەیرم دەکرد، وەک ئەوەی، کە داواکاریم هاتبێ. ئەو کاتانەی کەمن فلووتیشم لێدەدا ئەو زیاتر لەو ژوورە دەمایەوە، کە بەرانبەر ژوورەکەم بوو، واپێدەچوو ژوورەکەی خۆی بێت. شەوانەش، کە من فلووتەکەم لێدەدا، دەمبینی پەنجەرەکەی واڵا کردووە، بە سۆزێکی زۆرەوە گوێی دەگرت و لێی دەڕوانیم. خووی بەوە گرتبوو هەموو شەوێ بەرلەخەوتن گوێ بۆ لێدانی فلووتم بگرێ. کە دەشهاتمە دووکانی کۆڵانەکەمان

بۆشت کڕین، هەمیشە حیسابەکەی بۆ واسڵ دەکردم. تا ڕۆژێکیان بە مەراقەوە پێی وتم: با بتکەم بە شاژنی خۆم، لەماڵێک بژین پڕ بێت لە میوزیک و جوانیی، پرتەقاڵەکەم چیت گوت.. قایلی بەمە؟ منیش هیچ گوێم پێنەدا و تووڕە بووم بۆ وتنی ئەمە، بەڵام لە دڵیشەوە پێم خۆشبوو. زۆرجاریش، کە بە ماندوویی دەیبینیم دەیووت: بۆ ئاوا شەکەت دیاری، دەڵێی پرتەقاڵی، ئاوت تێدا نەماوە. منیش وا خۆم پیشان دەدا، کە تووڕە بووم، کە دەیبینیم ئەو جۆرە قسانەی بۆ دەکردم.
من کە لە ژوورەکەم لە ئاوێنە سەیری خۆمم دەکرد، دەمبینی، کە یاسین لە ئاوێنەکەوە لەپشتمەوە دیارە و بۆم پێدەکەنیێ، منیش نیگایەکی شیرینم بۆی دەکرد. من سەرەتا هەستم بەو خۆشەویستییەی ناخم نەدەکرد، کە خۆشمدەوێت، بەڵام هەستم شاردبووەوە تاماوەیەک، تا وایلێهات نەمتوانی ڕەتی بکەمەوە و بووین بە خۆشەویست. هەرکە دەیبینیم هەردوو دەستی بۆ سڵاو بەرز دەکردەوە، بۆ ئەوەی خەندەم ببینیێ و بە دەستەکانی ڕووخساری دەشاردەوە. ئەم یارییانەی هەبوو بۆم. ئەو هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابوو منیش وەک ئەو لێی نزیک بم. من هەمیشە ڕەتم دەکردەوە. بەڵام لە کاتی دەستگیرانداریدا سنوورەکانی تێپەڕاند و بەبێ ویستی خۆم لێم نزیک بووەوە و تا وایلێهات تۆ دروست بووی.. هێشتا ئەڵقەی دەستگیرانییم لەدەستی ڕاستەوە نەبردبووە چەپ، هەموو شەوێ سەرینەکەم تەڕ دەبوو، نیگەرانی ئەوە بووم چۆن بتوانم ئەو ساوایەی لەناو مندا دروست بووە، بیشارمەوە، پێش ئەوەی هاوسەرگریی بکەم. بەڵام نەمهێشت کەس بەمە بزانێ. دەمویست ئەمەی پێبڵێم. ئەوەبوو دەمەوئێوارەیەک بارانێکی بەخوڕ دەباری و هاتمە بەردەرگە، بۆ یەکەمین جار بەنیگەرانیی یاسین منی بینی، هات بۆلام و من نیگەرانی خۆمم پێی گوت: زۆر نیگەرانم لەو نزیکبوونەوەی ئەو ڕۆژە، کە ساوایەک دروست بوو، من دەبێ چیبکەم؟
بەڵام ئەو پێی گوتم: دوای ماوەیەکی کەم، ئیتر هاوسەرگریی دەکەین، خەمت نەبێت پرتەقاڵەکەم.. هەندێ قسەی ترمان کرد،

ورده ورده باران تەڕی دەکردین. ئیتر ئەو ڕووی وەرگێڕا دواوە و لەگەڵ هەورە تریشقەدا دیارنەما و ون بوو.. تاسام و چۆکم کەوتە عەرزەوە. نەمدەتوانی کەس تێبگەیەنم: ڕۆشتووە بۆ گەشت، بەڵام دێتەوە.. هەمیشە ئەو درۆیەم لەگەڵ هەمووان دەکرد. زیاتر دایکم لێی دەپرسیم: چەند مانگێکی بەسەرڕابوورد نەهاتەوە، بە ماڵە باوانیشی نەوتووە بۆکوێ دەچم، بەتۆی نەوتوە کەی دێمەوە؟ نا، بۆ هاتنەوەی بەمنی نەوتووە. بەڵام، دەزانم دێتەوە. هەر شتێکی لێبەسەربێت، کە نەتوانم چاوەڕێی بم، دەبێ چاوەڕێ بم، لەبەرئەوەی ناتوانم لەگەڵ کەس دابم، تادەهات زگم بەرزتر دەبووەوە، باوەڕیشم نەدەکرد بەو مردنەی، لەبەرئەوەی گۆڕی نەبوو. ئەو ساتەم لەبیرە، کە هەر لە خەیاڵ دەچوو، ون بوو، نازانم بۆکوێ چوو.. من هەر تەنیا دەتوانم چاوەڕێی ڕووداو بم، نازانم دەبێ چبکەم. تا دێتەوە لێم ناگەڕێن چاوەڕێی بکەم و بڵێم ئەگەر هەرشتێکت لێبەسەرهاتبێ دوای تۆ ناژم، ئەمە درۆیەکی گەورەیە، کە ئەم قسانە بکەی، لەبەرئەوەی ڕەنگبێ دوای ئەو هەستوسۆزێکی دیکە داگیرت بکات و عەشقی یەکەمت لەبیر بکەی. بەڵام من دەرفەتی ئەوەم نەبوو، کە واشبڵێم، لەبەرئەوەی بەدروستبوونی زگمیان زانی و زۆر ناشیرین دەریان کردم. لەبەرئەوەی تۆیان لەزگم بەحەرامزادە دانا، چونکە هاوسەرییم پێکنەهێنابوو. جا «دڵسۆز»ەکەم ڕۆشتم و لە دوورییی هەمووانەوە بە تەنیا ژیام، نارەحەتی زۆرم چەشت تا شوێنێکم دۆزییەوە بۆ حەوانەوە و ئازاری زۆرم بینی تا تۆ بووی لەمن. بەڵام منداڵیی تۆ لە منداڵیی من نەچوو، لەبەرئەوەی من ڕێگەم بەوە نەدا، کە تەنیا لە منداڵیی سۆزت بدەمێ و لە گەورەبوونت دەرت بکەم. کە منداڵ بووین، دایکم شەوانە لەنێو جێگەکەی دەهاتە دەرەوە و بەتانیی بەسەردا دەدایەوە، کە لەسەرمان لاچوو بوو، خۆمان گرمۆڵە کردبوو و دەستمان لەنێو ئەژنۆمان دابوو، کە گەرم دەبووینەوە قاچمان درێژ دەکردەوە. هەموومان تێکەڵ دەنووستین لە ڕیزێک، دایکم دوو دۆشەکی بە پانیی دادەنا لە خوار یەکترەوە، تا درێژ بێت و بەشی هەمووان بکات، ئەو ڕاخستنە هەر کە بچووک بووین

بەشی دەکردین، ئیتر کە گەورەبووین قاچمان لێوەی دەهاتە خوار، تا خوارەوەی چۆکمان. کەچی ئێستا هەموومان لە ڕیزێک نانووین و گەورە بووین، من لەو ماڵەدا نەماوم و دەرکراوم، نازانم ئێستا هەمووان چۆن دەژین، ئێستاکە وەک ئەوسا نییە خەووخۆراک کۆمان بکاتەوە، بیری سفرەی بەیانیان دەکەم، نانخواردن لەگەڵ ئەواندا خۆش بوو، کە باوکم لە سەرووی هەموانەوە دادەنیشت و سەیری هەمووانی دەکرد، بیری گاڵتەوپێکەنین و تووڕەبوونەکانی دەکەم، بیری هەموو شتێکی دەکەم، ڕەنگبێ ئێستا مردبێ و هەمووانی جێهێشتبێ.. بیری حیکایەتەکانی هەندێ شەوانی دایکم دەکەم بەرلەخەوتن، کە دەیوت: هەبوو نەبوو... کە (یاسین)ـیش بەگۆرانیی بۆی دەوتم: ((هەبوو نەبوو عەشقێ ڕۆژێ لەڕۆژان ئازیزێ))... کچەکەم لە منداڵییەوە هەر وادەزانێ باران باوکی بۆ دەبارێنێ، هەر سەرەتاتکەی بوو.. ئێستاکە کچەکەم لەو مانای چاوەڕوانییە تێدەگات، چونکە ئەو ئیتر گەورە بووە.. حەزی دەکرد باوکی بینیبا و پێی وتبا: باوکە من ئیتر گەورە بووم لەباوەشم ناگری؟ تا باوکیشی بەسۆزەوە باوەشی پێدا کردبا و دەستی بەپرچی داهێنابا.

من وا هەست دەکەم یاسین دێتەوە و لەگەڵماندا دەژی، نازانم بۆ وا هەست دەکەم، هێشتا دەتوانم چاوەڕێ بم تا دێتەوە. بۆنی دەکەم، وا هەست دەکەم لە دوورەوە دێت، نزیک دەبێتەوە و لە کارەکانی «سەلما»کەی دەپرسێتەوە. لەوەدەچێت ئەوجارەیان ئەو لەدەرگەدانە ئەوبێت، نا، بۆدەبێ ئەوبێت، ئەو نییە. لەبەرئەوەی ئێرە پێنازانێ و ڕەنگبێ بشمبینێ نەمناسێتەوە، ئەو، دەمەوئێوارە بوو، کە لەگەڵ باراندا ڕۆشت. نا، نابێ ئەوبێت، لەبەرئەوەی ئێستا باران ناباری تا لەگەڵ خۆی بیبارێنێ. دەبێ ئەوبێت؟ نا، ئەونییە. دڵسۆزەکەم، دەرگەیە مەیکەوە، با نائومێد نەبم.

***